# دور فن المسرح في الأحداث السياسية بمدينة أربيل (١٩٩١-٢٠٠٣): دراسة تاريخية تحليلية

م.م.نوروز ياسين محمد
قسم العلوم الاجتماعية، كلية التربية الابتدائية، جامعة صلاح الدين - أربيل، كردستان، العراق
nawroz.mohammed@su.edu.krd
م.م.هێرۆ ولى جوكل
قسم إدارة العمل، كلية الإدارة والاقتصاد، جامعة صلاح الدين - أربيل، كردستان، العراق
hero.jokil@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: مسرح أربيل، الأحداث السياسية، الانتفاضة، الاقتتال الداخلي، الفنان والسياسة.

**كيفية اقتباس البحث**
محمد , نوروز ياسين , هێرۆ ولی جوكل , دور فن المسرح في الأحداث السياسية بمدينة أربيل (١٩٩١-٢٠٠٣): دراسة تاريخية تحليلية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦ , المجلد:١٦ ,العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** مسجلة في **ROAD**

**Indexed** مفهرسة في **IASJ**

# دور فن المسرح في الأحداث السياسية بمدينة أربيل (١٩٩١-٢٠٠٣): دراسة تاريخية تحليلية

# The Role of Theatrical Art in the Political Events of Erbil (1991–2003): A Historical and Analytical Study

**Nawroz Yassin Mohammed**
**Department of Social Sciences, College of Primary Education, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan, Iraq**
**nawroz.mohammed@su.edu.krd**
**Hero Wali Jokil**
**Department of Business Administration, College of Administration and Economics, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan, Iraq**
**hero.jokil@su.edu.krd**

**Keywords** : Erbil Theater, Political Events, 1991 Uprising, Internal Conflict, Art and Politics, Artistic Resistance.

**How To Cite This Article**
Mohammed , Nawroz Yassin , Hero Wali Jokil ,The Role of Theatrical Art in the Political Events of Erbil (1991–2003): A Historical and Analytical Study ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**الملخص:**
تستقرئ هذه الدراسة الجدلية القائمة بين الفن والسياسة في مدينة أربيل خلال حقبة زمنية مفصلية من تاريخ كوردستان العراق. تهدف الدراسة بشكل رئيس إلى تحليل التحولات البنيوية التي طرأت على النصوص المسرحية والمكانة الاعتبارية للفنان في أعقاب انتفاضة عام ١٩٩١ وصولاً إلى سقوط النظام العراقي السابق في عام ٢٠٠٣.

اعتمد البحث على المنهج التاريخي التحليلي كأداة لتقييم المتون المسرحية وسياقات تشكل الفرق الفنية. وقد هُيكل العمل في ثلاثة محاور أساسية؛ استعرض الأول الخلفية التاريخية لمسرح أربيل في المدة ما بين (١٩٧٠-١٩٩٠)، بينما انصرف المحور الثاني إلى تحليل الحراك المسرحي وانعكاسات التحولات السياسية الكبرى عليه، كالانتفاضة، والهجرة المليونية، وتأسيس البرلمان، وصولاً إلى

تداعيات الاقتتال الداخلي والحصار الاقتصادي. أما المحور الثالث، فقد خُصص لبحث دور الفنانين في ترسيخ قيم السلم الأهلي، وتسليط الضوء على التضحيات التي قُدمت في سبيل القضايا الوطنية والحفاظ على استقلالية الخطاب الجمالي.

خلصت الدراسة إلى جملة من النتائج، أبرزها أن المسرح في أربيل خلال هذه المرحلة لم يقف عند حدود المحاكاة السلبية للأحداث، بل تحول إلى قوة فاعلة وأداة ضغط مدني نادت بالوحدة الوطنية وناهضت الفساد والاستبداد. كما أثبتت النتائج أن الصراعات السياسية وما رافقها من نزوح وتضييق، لم تفلح في تقويض الرسالة الإنسانية والوطنية للمسرح؛ إذ نجح المسرحيون في تحويل خشبة المسرح إلى فضاء جامع يسعى لتقريب وجهات النظر ونشر ثقافة التعايش السلمي.

**Abstract:**

This study investigates the dynamic interplay between the artistic and political spheres in Erbil during a transformative era in the region's history. The primary objective is to analyze the structural shifts in theatrical texts and the socio-political status of artists following the 1991 Uprising (Raparin) until the fall of the former Iraqi regime in 2003.

Adopting a historical-analytical methodology, the research evaluates dramatic scripts and the institutional state of artistic troupes. The study is structured into three thematic sections: the first provides a historical overview of Erbil's theater from 1970 to 1990; the second examines the theatrical movement's response to pivotal political milestones, including the 1991 Uprising, the Mass Exodus, the establishment of the Kurdistan Parliament, the internal conflict, and the economic sanctions. The third section highlights the role of artists as agents of reconciliation and their sacrifices in pursuit of the national cause and the preservation of artistic autonomy.

The findings reveal that theater in Erbil during this period was not merely a passive reflection of events; rather, it emerged as a proactive force and a medium for civil pressure, advocating for national unity and critiquing corruption and tyranny. Furthermore, the study demonstrates that despite the challenges posed by political instability and displacement, the theatrical community succeeded in transforming the stage into a platform for dialogue, peace-building, and social cohesion.

# ڕۆڵی هونەری شانۆ لە ڕووداوەسیاسیەکانی شاری هەولێر (١٩٩١-٢٠٠٣) لێکۆڵینەوەیەکی (شیکاری مێژووییە)

نەورۆز یاسین محمد
بەشی زانستەکۆمەڵایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، کوردستان، عێراق
نازناوی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
nawroz.mohammed@su.edu.krd
هێرۆ ولی جوکل
بەشی کارگێڕی کار ، کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، کوردستان، عێراق
نازناوی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
hero.jokil@su.edu.krd

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی **ڕۆڵی هونەری شانۆ لە ڕووداوە سیاسییەکانی شاری هەولێر ١٩٩١-٢٠٠٣؛ لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی مێژووییە** هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر پەیوەندیی نێوان بواری هونەری و سیاسی لە شاری هەولێردا, لە قۆناغێکی مێژوویدا. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە شیکردنەوەی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە بەسەر دەقەکانی شانۆیی و پێگەی هونەرمەنداندا هاتووە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ تا ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣.

توێژینەوەکە پشتی بە **میتۆدی مێژوویی-شیکاری** بەستووە بۆ هەڵسەنگاندنی دەقە شانۆییەکان و بارودۆخی تیپە هونەرییەکان. کارەکە بەسەر سێ بەشدا دابەش کراوە؛ سەرەتا پاشخانی مێژوویی شانۆی هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٩٠) دەخاتە ڕوو، پاشان شیکاری بۆ بزاڤی شانۆیی و ڕەنگدانەوەی ڕووداوە سیاسییەکان وەک ڕاپەڕین، کۆڕەو، دامەزراندنی پەرلەمان، شەڕی ناوخۆ و گەمارۆی ئابووری) دەکات. لە تەوەرێکی تریشدا، باس لە ڕۆڵی ئاشتەوایی هونەرمەندان و ئەو قوربانیانە دەکات کە لە پێناو دۆزی نەتەوەیی و پاراستنی سەربەخۆیی هونەردا داویانە.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە نیشان دەدەن کە شانۆی هەولێر لەم قۆناغەدا تەنها ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکان نەبووە، بەڵکو وەک هێزێکی کارا و فشارێکی مەدەنی بۆ یەکڕیزیی نەتەوەیی و ڕەخنەگرتن لە گەندەڵی و ستەمکاری دەرکەوتووە. هەروەها دەرکەوتووە کە ململانێ سیاسییەکان و شەڕی ناوخۆ، سەرەڕای دروستکردنی ئاستەنگ و ئاوارەبوونی هونەرمەندان، نەیانتوانیوە پەیامی مرۆیی و نەتەوەیی شانۆ لەناو بەرن، بەڵکو شانۆکاران توانییان تەختەی شانۆ بکەنە شوێنێک بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکان و گەیاندنی پەیامی ئاشت و پێکەوەژیان.

**وشە سەرەکییەکان**:شانۆی هەولێر، ڕووداوە سیاسییەکان، ڕاپەڕین، شەڕی ناوخۆ، هونەرمەند و سیاسەت،

**پێشەکی:**

هونەری شانۆ لە درێژایی مێژوودا ئاوێنەیەکی ڕوونی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەر گەلێک بووە، بەتایبەت لە کاتی گۆڕانکارییە گەورەکاندا. لە هەولێریشدا، ماوەی نێوان ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و ڕووخانی حکومەتی عێراق لە ٢٠٠٣، شانۆ بووە یەکێک لە دیارترین بوارە هونەرییەکان کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارشتی لە خەم و هیوای گەلی کورد دەکرد. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات

لەو پەیوەندییە دوو ڕەهەندییە بکۆڵێتەوە کە نێوان شانۆ و ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم قۆناغەدا هەبووە.

توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە لە کاری شانۆیی ناو شاری هەولێر لە ماوەی (١٩٩١-٢٠٠٣) بداتەوە, کە ئایا شانۆی هەولێر لە نێوان فشارە سیاسییەکان، شەڕی ناوخۆ، گەمارۆی ئابووری و گۆڕانی سیستەمی حوکمڕانیدا، تا چەند توانیویەتی سەربەخۆیی و پەیامە ڕەخنەییەکانی خۆی بپارێزێت؟ شوێنپەنجەی چالاکییەکانیان لەسەرشاری هەولێر چۆن بوو؟ جگەلەمە ئایا شانۆ توانی، سەرباری قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکانی شار، بەردەوامی بە ڕۆڵی خۆی بدات بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و بانگەشەکردن بۆ ئاشتی و یەکڕیزی و پێکەوەژیانی ناوخۆیی لەوماوەیەدا؟

گرنگیی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لەوەدایە کە قۆناغی نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٣) یەکێکە لە پرکێشەترین و هەستیارترین قۆناغەکانی مێژووی سیاسی هاوچەرخی کوردە، کە تێیدا شانۆ لە گۆڕانکارییە مێژووییەکاندا هەمیشە و وەک چەکێکی بەرگری و بۆ پاراستنی شوناسی کوردی و هۆشیارکردنەوە خەڵک بەکارهاتووە.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە بەسەر دەروازەیەک و دوو تەوەردا دابەشکراوە. دەروازەکە تایبەتە بە پاشخانی مێژوویی هونەری شانۆ لە هەولێر بۆ ماوەی (١٩٧٠-١٩٩٠)، تەوەری یەکەم تایبەتە بە بزاڤی شانۆ و ڕەنگدانەوەی ڕووداوە سیاسییەکان لە ماوەی (١٩٩١-٢٠٠٣)، تەوەری دووەم تایبەتە بە پێگە و شوێنپەنجەی هونەرمەندانی شانۆ لە ڕووداوە سیاسییەکاندا.

ئەو سەرچاوەی سودی لێ بیندراوە سەرچاوەی زارەکی شایەتحاڵەکانی ئەوکاتەی ناو بواری شانۆ, وەک ژیلوان تاهیر, ئەرسەلان دەروێش و عبدالرحمان سابیر و شوکروڵا شێخانی, چونکە ئەو زانیاریانە لە کتێب و ڕۆژنامەکان باس نەکرابوون, هەروەها ماستەر نامەی ئوسامە جەمیل بە ناونیشانی مێژووی بزاڤی هونەری لە شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی(١٩٨٠, ٢٠٠٣), جگە لەمە گۆڤاری ڕامان وەک سەرچاوەیەکی گرنگ سودی لێوەرگیراوە.

توێژەر پشتی بە میتۆدی مێژوویی شیکارانە بەستووە، لەگەڵ سوودوەرگرتن لە میتۆدی مێژووی زارەکی لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەندانەوە، وەک تەواوکەرێک بۆ سەرچاوە نووسراوەکان.

### دەروازە: پاشخانی مێژووی هونەری شانۆ لەهەولێر(١٩٧٠-١٩٩٠)

لە سەرەتای حەفتاکاندا و دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠،[١] بارودۆخیکی تارادەیەک ماماوەندی ئازادی سیاسی دروستبوو(مخموری, ٢٠٢٥, ٥٣). ئەمەش بووە هۆی بوژانەوەی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری لە هەولێر. لەم قۆناغەدا شانۆکاران بۆ گەیاندنی پەیامە نەتەوەییەکانیان لە ناو جەرگەی شاردا، پەنایان بۆ زمانی هێما برد تا لە سزای دەزگا ئەمنییەکان ڕزگاریان بێت, (عەلی، ٢٠٢٢، ١٧). زنجیرەی چالاکییەکان بە شانۆیی جەنگاوەری شێت لە ساڵی ١٩٧٠ دەستی پێکرد لە دەرهێنانی سەعدون یونس[٢]، کە وەک یەکەم کاری قۆناغی نوێ ئەژمار دەکرێت. دواتر لە ١٩٧١دا، شانۆیی چیرۆکی شۆڕشێک نمایشکرا کە گوزارشتێکی ناڕاستەوخۆ بوو لە خەباتی کورد (نەجار، ٢٠١٦، ٢٢٨-٢٧٩). لە ساڵانی ١٩٧٣ و ١٩٧٤دا، شانۆی کاوەی ئاسنگەر وەک هێمایەکی ڕوونی ڕاپەڕین و بەرگری نەتەوەیی پێشکەش کرا (مەلا هەمزە، ٢٠١١، ٠٥)، پاشان لە ١٩٧٥دا شانۆگەری سەرکەوتن و قەڵای دمدم هونەرمەند چەتۆ حەسەن[٣] کاری نواندنی کردووە, ئەمەش بوە هۆی دروستکردنی هیوایەکی ئازادی بۆ تاکی کورد (عەلیاوەیی, جوزلی,هتد...,٢٠٠٩, ٣٠١٠).. بە پێی خوێندنەوەی موحسین محمد بیت کێشە و ناکۆکیە سیاسیەکانی ناوەڕاستی ساڵی حەفتاکان بەدواوە بزووتنەوەی شانۆیی لە هەولێر دابەش و پەرتەوازە کرد, ژمارەیەک ڕووی لە شاخ کرد و شانۆی بەرگری بۆ هاندانی شۆڕش و بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە, هەندێکیشان بوونە ئامادەنەبوون بچنە ڕیزی سوپاوە ڕایانکرد و بۆ

هاندەران, هەندێک لە شانۆکاران لە ناو شاردا مانەوە وئەمانیش ڕووبەڕووی فشار و سانسۆری توندی حکومەت دەبوونەوە (محمد, ٢٠١٤, ١٥).

دوای شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥، سەرەڕای چاودێری توندی حکومەت بۆ کاروبارەکانی هونەری کوردی بە تایبەتی شانۆی کوردی کە دەقەکان دەبوو هەمووی لە ژێر مۆڵەتی ئەوان بوایە, بەڵام شاۆگەرانی کورد هەر بەردەوام بوون لە کارەکانیان بۆ ئەمەش پەنایان بردۆتە بەر هێما( ڕەمز) ومەبەستەکانیانی پێ داپۆشیوە و لە چاوی چاودێریە توندەکانی حکومەت پاراستوویانە هەر ئەمەش بوو بە تروسکای ڕووناکی بۆ بەرزکردنەوەی ورەی خەڵکەکە(حەیدەر, ٢٠١٦, ٦١). یەکێک لەم نموونانە شانۆگەری پیلان بووە لە نووسینی محمد مەولود مەم(١٩٢٧-١٩٨٧)و دەرهێنانی تەڵعەت سامان[٤] لە ساڵی ١٩٧٦دا، **لە**هۆڵی گەل بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ نمایشکرا؛ ئەم بەرهەمە قەرەباڵغیەکی زۆری دروستکرد کە جێگەی خەڵک لە هۆڵەکە نەدەبووە, وەک شوکروڵا شێخانی[٥] باسی لێوە دەکات کە هەرچەندە ، لەو سەردەمەدا کە ترسی حکومەتی عێراق باڵی بەسەر شارە کوردییەکان کێشابوو، ئەم شانۆگەرییە توانی ترسی خەڵک بشکێنێت و ورە و هێزیان پێ ببەخشێتەوە, ئەوکاتە خەڵک تێنوی هەستی ئازادی وسەربەخۆی نیشتمان و نەتەوە بوون, بۆیە بەگرووتینەوە روویان لە هۆڵەکانی شانۆ دەکرد, (شێخانی, ١ی ئەلولی ٢٠٢٦؛ حەیدەر, ٢٠١٦, ٦٢). لە درێژەی ئەم چالاکییانەدا، لە ساڵی ١٩٧٨ شانۆگەری **قەلە ڕووتە** وەک نارەزایەتییەک دژی پیاوانی حکومەتی عێراق نمایشکراوە کە لە خوارووی عێراقەوە بۆ زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوە و کورد دەهێنران. یەکیک لە دەقەکانی ناو شانۆکە بە هیما باسی لێوە دەکات و دەڵیت "**قەلە ڕەشکەی ئاسایی لێرە لۆی دەکرێ شایی، لە پاشاوە تا گەدە بۆ قەل شانی بادەدا**" ئەمە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خەڵک هەبوو؛ چونکە بە شێوازێکی گاڵتەجاڕانە ڕەخنەی لە دەسەڵات دەگرت و ورەی نەتەوەیی لای بینەرانی شانۆکە بەرز دەکردەوە( شێخانی, ١ی ئەیلولی ٢٠٢٦). مەبەستی

لەگەڵ دەسپێکی جەنگی عێراق-ئێران لە ١٩٨٠، شاری هەولێر کەوتە ژێر فشارێکی توندی سەربازی، بەڵام شانۆکاران لە ڕێگەی هێماوە ناسنامەی نەتەوەیی و کەلەپووری خۆیان پاراست (محەمەد، ٢٠٠١، ٢٧٢). لەم چوارچێوەیەدا، لە ١٩٨٣ شانۆیی لاس و خەزال بۆ زیندووکردنەوەی کەلەپوور و لە ١٩٨٤دا شانۆیی قەڵای دمدم وەک گوزارشتێک لە خۆڕاگری گەل نمایشکران (حاجی, نیسانی١٩٩٩, ٣١٦), ناسر حەسەن[٦] لە چاوپێکەوتنێکیدا باس لە جوانی نمایشکردنی لاس و خەزار دەکات وباس لەوەدەکات کە, لە ساڵانی حەفتاو هەشتاکان, بینەر تێنوبوو بۆ وشەیەک کە کاریگەری تەواو لە ناخی بکات, چونکە ئەوکاتە ئازادی ڕادەربڕین لە هیچ شوێنیک نەبوو(حەسەن,١ی ئابی ٢٠١١, ٥٥) هەروەها لە نمایشکردنی شانۆی خەجێی سیامەند لە ساڵی ١٩٨٥ وەک زیندوکردنەوەو پاراستنی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی نمایشکراوە, جگە لەمانە لە ساڵی ١٩٨٨دا شانۆییەکانی حەمە دۆک و شا هەر شایە بەمەبەستی ڕەخنەگرتن لە ستەم و زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتی دیکتاتۆری نمایشکراوە(عەلیاوەیی, جوزلی,هتد...,٢٠٠٩, ٣٠١٨). لە کۆتایی هەشتاکاندا، هونەرمەندان پەنایان بردە بەر کورداندنی دەقە بیانییەکان(سالار، ٢٠٠٥، ل. ٧٨), ، وەک شانۆیی هاوارێکی تاساو لە دەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش[٧]، تا هۆشیارییەکی نەتەوەیی دروست بکەن (محمد، ١٩٩٩، ١١٤-١١٥). تەنانەت بابەتی وەک کێشەی فەلەستین بۆ نیشاندانی مەینەتییەکانی کورد بەکارهاتوون تا لە چاودێری ڕژێم ڕزگاریان بێت (محەمەد، ٢٠٠١، ٢٧٣). لە ماوەی (١٩٨٠-١٩٩٠)، خەڵکی هەولێر بە جۆش و خرۆشێکی هۆشیاری سیاسییەوە دەچوونە هۆڵەکان تا لە ڕێگەی دەقەکانەوە ئەو وشەو هێمایانە بدۆزنەوە کە گوزارشتی لە خەمە نەتەوەییەکانیان دەکرد (جراح،٥ی نیسانی ١٩٩٩، ١١٠). بەمەش زۆر جار شانۆکاران ، ڕووبەڕووی فشار چاودێری توندی ڕژێمی بەعس دەبوونەوە ,کە زۆر جار ئەکتەرەکان دەستگیردەکران و هۆڵەکانی شانۆی تێدا نمایشدەکرا دادەخران, بەمەش خۆپیشاندان و پێکدادان دروست دەبوو( تاهیر, ٧ی ئابی ٢٠٢٦).لە کۆتاییدا دەسەلمێنێت کە شانۆ لە هەولێر تەنها

چالاکییەکی هونەری نەبووە، بەڵکو بەشێک بووە لە پرۆسەی خۆڕاگری و بەردەوامیدان بە دۆزی سیاسیی گەلی کورد لەناو جەرگەی شاردا(عبدالرحمان،١,٠ی حوزیرانی ٢٠٢٦), بەڵام.لە ١٩٩١، ئەم بەرگرییە گۆڕا بۆ قۆناغێکی دیکە لە بەرامبەر رووداوە سیاسیەکان. بۆتێگەیشتن لەم قۆناغە لە تەوەری یەکەمدا، بەدرێژ باسی لێوە دەکرێت.

**تەوەری یەکەم: بزاڤی شانۆ و ڕەنگدانەوەی رووداوەسیاسیەکان**

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، گەلی کورد بەرەو قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی[٨]، کۆمەڵایەتی و ئابووریدا تێپەڕی, چونکە بۆ یەکەم جار توانرا زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق ڕزگار بکرێن. ( مخموری, ٢٠٢٥,١٠؛عقراوی, ٢٠١١, ٢١٤) هەر لەم ساڵەدا، شانۆی کوردی دەستی بە چالاکییەکانی خۆی کردەوە، بەو شێوەیەی کە شانۆی هەولێر یەکەم دامەزراوە بوو کە لە گەمارۆی سیاسی دەرچوو و ڕاستەوخۆ وتاری ئازادی و نەتەوایەتی کردە تەوەری سەرەکی نمایشەکانی سەر تەختەی شانۆی هۆڵی گەل، وەک شانۆنامەی نرخی ئازادی (١٩٩١) ولە نووسین و دەرهێنانی ژیلوان تاهیر[٩]، وەک یەکەمین کاردانەوەی هونەریی گەورە لە شاری هەولێر هەژمار دەکرێت. ئەم نمایشە کە لە هۆڵی گەل پێشکەشکرا، هەوڵێکی جیدی بوو بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی ناسنامەی تاکی کورد لە ڕێگەی ئەم کارەوە ویستی جەخت لەسەر ئەو بەهای تاکی کورد ولایەنی مادی بکاتەوە کە خەڵکی کوردستان بۆ ڕزگاریی نیشتمانی قوربانیان پێ داوە( تاهیر, ٧ی ئابی ٢٠٢٦؛ سامان، ٢٠١٢، ل ٨٩) ئەم نمایشە شانۆییە بۆ ماوەی دوو هەفتە بەردەوامی هەبوو، کە تێیدا ڕووبەرێکی فراوان لە جەماوەری شاری هەولێر و کەسایەتییە سیاسییە دیارەکانی گەڕاوە لە شاخ ئامادەی بوون. نمایشەکە لە ڕووی نەتەوەییەوە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هۆشیاریی بینەران بەجێهێشت (تاهیر، ٧ی ئابی ٢٠٢٦). لە ڕاستیدا، شانۆی کوردی لە قۆناغی دوای ڕاپەڕیندا، هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینیوە؛ بە جۆرێک شانۆکاران سوودیان لە ڕەگەزە کەلەپوورییەکان و ناسنامەی نەتەوەییەکان وەرگرتووە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر و بەهێزکردنی پەیوەندنی نێوان جەماوەر و شانۆ(سمۆ, ٢٠٠١, ٦٨)

دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢، شانۆ لە هەولێر قۆناغێکی نوێی سەربەخۆیی سیاسی بڕی. لەم قۆناغەدا، شانۆگەرییەکان زیاتر ئاراستەیەکی مێژوویی و نەتەوەییان وەرگرت. ئامانج لەم کارانە شەرعییەتدان بوو بە قەوارەی سیاسی نوێ و سارێژکردنی برینە مێژووییەکانی وەک ئەنفال و کیمیاباران (ئەحمەد، ٢٠١٩، ل. ١٣٢).

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤، شاری هەولێر بووە بە مەیدانی ململانێیەکی سەخت. لەم نێوەندەدا شانۆگەری ئەسپەکان (١٩٩٥) لە دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان لە هۆڵی گەل نمایشکرا، کە وەک یەکێک لە شاکارەکانی شانۆی بەرەنگاری دەناسرێت. عەبدولڕەحمان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێمای ئەسپەوە، گوزارشتی لە گەلی کورد دەکرد کە چۆن بەرەو جەنگ دەبرێن (حوسێن، ٢٠٠٨، ل ١٤٢). ئەم شانۆگەرییە ڕەخنەیەکی توند بوو لە سیاسی و بەهەدەردانی خوێنی گەنجان لە پێناو دەسەڵاتدا.

جگە لەمە شانۆکاران لەم کاتەدا نەیانویست ببنە بەشێک لەم دابەشبوونە سیاسییەی کە کوردی دابەشی دوو جەمسەری سیاسی کردبوو، بەڵکو هەوڵیان دا لە ڕێگەی تەختەی شانۆوە پەیامی یەکبوون و کۆتاییهێنان بە خوێنڕشتن بڵاو بکەنەوە. بەڵگەش بۆ ئەمە پێشکەشکردنی شانۆگەری سەفەری هەتاو بوو[١٠]، کە لە سینۆگرافیای ئازاد عەبدولواحید و دەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش و بەرهەمی تیپی شانۆی ڕامان لە ساڵی ١٩٩٦ پێشکەش کرا. لەم شانۆیەدا بیرخستنەوەیەک بۆ بایەخە نەتەوەییە هاوبەشەکانی سەرکردەکانی گەلی کورد نمایش کرا، وەک: شێخ مەحمودی حەفید، پێشەوا قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی؛ کە چۆن ئەم سەرکردانە لە پێناو خاک و نەتەوەکەیان شۆڕشیان



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

هەڵگیرساندووە و قوربانییان داوە بۆ پاراستنی شکۆی نەتەوەی کورد. ئامانجی ئەرسەلان دەروێش لەم نمایشەدا، وەک لە دەستنووسەکەی ئاماژەی پێ دەدات، یەکڕیزی و کۆکردنەوەی ماڵی سیاسیی کورد بووە، وەک دەڵێت: **"لەبری بەرزکردنەوەی ئاڵای حزبەکان و شەڕەپەڕۆی ئەوسا، ئاڵای پیرۆزی کوردستانمان کردە ڕەگەزی سەرەکیی سینۆگرافیا و فەزای شانۆکەمان پێ نەخشاند، وەک پەیام و بانگەوازێکی ڕوون بۆ یەکبوون."** ئەم هەوڵە لە ڕاستیدا گەڕانەوە بوو بۆ بایەخە نەتەوەییە هاوبەشەکانی کورد لە مێژوو، بەو مەبەستەی نیشانی بدەن کە شکۆی مرۆڤی کورد تەنها لە یەکگرتووییدایە، نەک لە شەڕی براکوژیدا. ( دەستنووسی دەروێش, ٢٧ی ئابی ٢٠٢٦, ٧),

جێگای باسە شانۆگەری بەرەو خۆریش وەک یەکێک لە گرنگترین پرۆژە هونەرییەکان دەردەکەوێت, کە بۆ مەبەستی کۆکردنەوە و یەکخستنی ناوماڵی کوردی نمایش کرا. ئەم شانۆیە لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٩٧ لە هۆڵی گەل لە شاری هەولێر پێشکەش کرا(پۆستەری شانۆی بەروەخۆر, ٢ی حوزیرانی ١٩٩٧)، کە تێیدا هونەرمەندان دەستپێشخەرییەکی مێژوویيان ئەنجام دا و یەکڕیزییان لە نێو خۆیانەوە دەست پێ کرد؛ بە جۆرێک کە شانۆکارانی سەرجەم شارەکانی کوردستان بە بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیای جیاوازی سیاسییە لەم نمایشەدا بەشدار بوونە و یەکەمین بەرهەمی هاوبەش هونەرمەدان بووە, ڕاستی دیارە مەبەستیان لەم کارە ئەوە بووە ئەگەر هونەر بتوانێت ئایدیا ,دژبەیەکەکان لە دەوری یەک کۆبکاتەوە، ئەوا ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیش دەتوانێت بەرەو ئاشتەوایی هەنگاو بنێت. جگە لەمە ( دەستنووسی دەروێش, ٢٧ی ئابی ٢٠٢٦, ٨). شانۆگەریی کوتلەکەی ئەحمەد موختار جاف کە لەلایەن تیپی شانۆی سالارەوە بەرهەمهێنرا(پۆستەری شانۆگەری کوتلەکەی ئەحمد موختار جاف, ١٢ی حوزیرانی ٢٠٠١)، ئەم شانۆیەش پەیامێکی ڕوونی هونەرمەندان بوو بۆ ڕووخاندنی دیوارە دەستکردەکانی شەڕی ناوخۆی کوردستان و یەکخستنەوەیان، بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە نێوان شارەکانی کوردستان دا( دەستنووسی دەروێش, ٢٧ی ئابی ٢٠٢٦, ١٥؛ محمد, ٢٢ی حوزیرانی ٢٠٠١, ١٠)

لە کۆتایی نەوەدەکان(١٩٩٨-٢٠٠٠) و لە دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن، جۆرێک لە سەقامگیریی سیاسی لە شاری هەولێر هاتە ئاراوە (محمد، ٢٠١٥، ل. ٩٤-٩٥). ئەم قۆناغە گۆڕانکاری لە دەقە شانۆییەکان ڕوویدا، بە شێوەیەک کە شانۆ لە قۆناغی بەرگری و گێڕانەوەی شەڕەوە، بەرەو ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وئابوری ناوخۆیی هەنگاوی نا. ئەم گۆڕانکارییەش دەرئەنجامی ئەو بارودۆخە نالەبارە بوو کە بەهۆی شەڕی ناوخۆ و گەمارۆی ئابووری لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەرۆکی کوردستانی گرتبوو، کە تێیدا هەژاری و دیاردەی کۆچکردن گەیشتبوونە قۆناغێکی سەخت. لەم چوارچێوەیەشدا، شانۆگەریی کورەکەچەڵ لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە (هۆڵی گەل) بۆ ماوەی دوو هەفتە نمایش کرا. ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە تیشک دەخستە سەر ژیانی گەنجێکی هەژار کە بەهۆی دەستکورتییەکەیەوە لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە سوکایەتیی پێ دەکرێت و بێڕێزی لێ پێدەکرێت، بەڵام کاتێک بۆ دەرەوەی وڵات کۆچ دەکات و دەوڵەمەند دەبێت، دیدگای کۆمەڵگە بۆی دەگۆڕێت و بە چاوێکی ڕێزەوە لێی دەڕوانن. ئەمەش گوزارشتێکی ڕەخنەیی بوو بۆ ئەو واقیعە تاڵەی کە خەڵکەکە تێیدابوون( تاهیر, ٧ی ئابی ٢٠٢٦).

جگەلەمە بە شانۆ جەخت لەسەر کێشەکانی خەڵک و مافەکانیان دەکراوە, بەڵگەش بۆ ئەمە شانۆگەری ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ لە ساڵی ٢٠٠٢ کە لەلایەن تیپی شانۆی سالار لە هۆڵی دەزگای شەهید لە شاری هەولێر نمایش کرا[11]( پۆستەری ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بە گورگ, ١٥ی شوباتی ٢٠٠٢) ئەم کارە بە شێوازی شانۆی دیوەخان پێشکەش کرا , ئەم شانۆگەریە هونەریی ڕەخنەیی بوو بەرامبەر بە واقیعی ژیان لە سەر دیاردەی گەندەڵی و خراپی بەڕێوەبردن لە دامودەزگاکانی حکومەت و کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات و خراپی باری ئابوری بوو. یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم

نمایشە ئەوە بوو کە لە کاتێکدا ڕەخنەی توندی لە دەسەڵات دەگرت، ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حزبی و حکومی ئامادەی بینینی بوون( دەستنووسی دەروێش, ٢٧ی ئابی ٢٠٢٦, ١٥).

شانۆگەری هێرۆسترات [١٢]لە یاد کەن لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ لە دەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش نمایش کرا. ئەم نمایشە هاوکات بوو لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی عێراق و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی سیاسی سەددام حوسێن، وەک گوزارشتێکی ڕەخنەیی قووڵ لە چەمکی دیکتاتۆریەت پێشکەش کرا. کارەکە لە ڕێگەی چیرۆکی مێژوویی هێرۆستراتەوە، تیشکی خستە سەر ئەو دیکتاتۆرە ستەمکارانەی کە وەک هێرۆسترات، ئامادەن وڵات و گەلەکەیان تووشی کاولکاری بکەن تەنها لە پێناو مانەوەی ناوی خۆیان لە مێژوودا. نمایشەکە لەو ساتەوەختە هەستیارەدا، وەک شیکاریی دەروونی و سیاسی بۆ کەسایەتیی دیکتاتۆرە ڕووخاوەکان بینرا، کە چۆن تینوێتی بۆ ناوبانگ دەبێتە هۆی وێرانکاریی نیشتمان ( دەروێش, ٢٧ی ئابی ٢٠٢٦).

**تەوەری دووەم: پێگەو شوێنپەنجەی هونەرمەندانی شانۆ لە ڕووداوەسیاسیەکان:**

قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بۆ هونەرمەندانی شاری هەولێر، گۆڕانکارییەکی مێژوویی گرنگ بوو، کە تێیدا جۆش و خرۆشێکی شۆڕشگێڕانە لە بەرهەمە هونەرییەکاندا بەدی دەکرا، بەتایبەت لە بواری شانۆدا, هونەرمەندانی ئەم شارە بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە نەک هەر بۆ پاراستنی کەلتووری کوردی تێکۆشان (عبدالرحمان،١,٠ی حوزیرانی ٢٠٢٦), ، بەڵکو وەک پێشەنگی ڕاپەڕین و پارێزەرانی شوناسی نەتەوەیی دەرکەوتن. ئەم قۆناغە بە قوربانیدانێکی گەورە دەستی پێکرد، کە لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە شەهیدبوونی هەردوو هونەرمەندی شانۆکار جەوهەر باپیر[١٣] و نەوزاد مستەفا[١٤] بکرێت، کە وەک یەکەمین کاروانی قوربانییانی دەستی هونەر و نیشتمان دوای ڕاپەڕین لە هەولێر تۆمارکران. ئەم قوربانیدانە نیشانەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ بوو لە نێوان خەباتی سیاسی و بزووتنەوەی هونەری لە ناو جەرگەی شارەکەدا، کە تێیدا هونەرمەند وەک بەشێکی دانبڕاو لە ڕاپەڕین، بەشداری هەبوو لە خۆپیشاندان و هێرشبردنە سەر بارەگاکانی حکومەتی عێراق(حاجی, ١٩٩٢, ١,٢,٣,٤,).

بەڵام لە لایەکی دیکەوە، هونەرمەندانی هەولێر لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی بەربەستی کۆمەڵایەتی و سیاسی قورس بوونەوە. یەکێک لەو گرفتە ، نەبوونی هۆشیارییەکی هونەریی پێویست بوو لە ناو کۆمەڵگەدا، کە ئەمەش لێکەوتەی ساڵانێکی درێژی ترس و تۆقاندن و ڕاودونانی حکومەتی عێراق بوو؛ چونکە تاکی کورد لەو سەردەمەدا بەهۆی خۆپاراستن لە چەوساندنەوەی سیاسی، کەمتر دەرفەتی تێگەیشتن و تێکەڵبوونی لەگەڵ پەیامە قووڵەکانی شانۆ دا هەبوو(حاجی, ٩ی ئابی ٢٠٢٦) ئەم بارودۆخە ناهەموارەی خەڵک تیایدا بوو, لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٨) گەیشتە لوتکەی قەیرانەکان( مخموری, ٢٠٢٥, ٢١)، کە تێیدا هونەرمەندانی هەولێر بوونە قوربانی دابەشبوونی سیاسی و ئایدیۆلۆژی, جێگای باسە، بەشێکی زۆری هونەرمەندان لە نێوان هەردوو حزبە باڵادەستەکەدا دابەشبوون، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە ئاوارەبوونی ناوخۆیی؛ وەک نموونەی هونەرمەند زاهیر عومەر[١٥] کە ناچار بوو هەولێر جێبهێڵێت و ڕوو لە سلێمانی بکات، لە بەرامبەردا هونەرمەند ئەحمەد سالار لە سلێمانییەوە ئاوارەی هەولێر بوو و لێرە درێژەی بە کارە هونەرییەکانی دا. ئەم دابەشبوونە نەک هەر کاریگەری لەسەر ڕۆحیەتی هونەرمەندان هەبوو، بەڵکو بونیادی تەبایی هونەریشی لە شارەکە بەرەو لاوازی برد( حاجی, ٩ی ئابی٢٠٢٦).

جگەلەمە، لە بەر خراپی باری ئابووری و سیاسی پشتگوێخستنی لایەنی هونەری لە کاتی شەڕدا، وایکرد هۆڵی شانۆکان بۆ ماوەیەک دابخرێن و هونەرمەندان ناچاربوون بۆ دابینکردنی ژیانیان ڕوو لەو کەناڵە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆ و ڕۆژنامە حزبییانە بکەن کە لەو سەردەمەدا دامەزران (تاهیر، ٧ی ئابی ٢٠٢٦). ,لەوانە شوکروڵا شیخانی کاتێ کاریگەری خراپی باری ئابوری ئەوکاتەی هونەرمەندان دەخاتە ڕوو دەڵێت" **ئێمە لە بەر هەژاری و برسێتی ڕوومان لە دەزگای ڕاگەیاندنەکان کرد, بۆیە لەگەڵ**


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

**ئوسامە جەمیل هەڵسابن بە کردنەوەی بەرنامەیەک بە ناوی ئاسۆی بەیان"** (شێخانی, ١ی ئەلولی ٢٠٢٦), هەروەها هونەرمەندان سەلام کۆیی و ئەنوەر شێخانی و سابیر عبدالرحمان, هەڵساون بە دامەزراندنی ستۆدیۆی دەنگی کوردستان لە نهۆمی سەرەوەی هۆتێلی مەشکووری و چەندین ستۆدیۆی دیکەی دەنگ و ڕەنگ لە بارەگای تیپی هونەری هەولێر و بەرێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن بەڵام ئەمەش بێ گرفت نەبوو بۆ هونەرمەندان, بۆ نموونە کاتێک دەستەی هونەرمەندانی سەربەخۆ درامای (شا هەر شایە)یان بەرهەمهێنا—کە بە ئیمکانیاتی شەخسی و بە شێوەی خۆبەخشی لە ماڵەکاندا وێنەگیرابوو, بەڵام لە لایەن تەلەفزیۆنەکانەوە پەخشکردنی ڕەتکرایەوە (عەبدوڵلا, ١٤ی ئابی ٢٠٢٦)

شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٨ ) جگە لە لایەنی سیاسی کاریگەری لە سەر زۆرێک لەلایەنەکانی دیکەی خەڵکی کوردستان و دام ز دەزگاکان هەبووە , یەکێک لە لێکەوتە هەرە دیارەکانی ئەم شەرە دیاردەی ئاوارەبوونی ناوخۆیی کە هونەرمەندانیش بەشێک بوونە لەمە ؛ کە تێیدا وەک قوربانییەکی سیاسی، ناچار بوو شارەکەی خۆی بە جێبهێڵێت , بۆ ئەمەش دەکرێت ئاماژە بە هونەرمەند زاهیر عومەر بکرێت کە ناچار بوو هەولێر بەرەو سلێمانی جێبهێڵێت، لە بەرامبەردا هونەرمەند ئەحمەد سالار لە سلێمانییەوە ئاوارەی هەولێر بوو(حاجی, ٨ی ئابی ٢٠٢٦).. ئەم ئاڵوگۆڕە ناچارییە، بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی زۆرێک لە تیپە شانۆییەکان و دابەشبوونیان بەسەر دوو لایەنی سیاسی جیاواز، کە وەک ژیلوان تاهیر ئاماژەی پێ دەکات، ئەم جوادیبە بووە هۆی پەککەوتن و دواکەوتنی کاروانی شانۆی کوردی و لەدەستدانی ئەو یەکگرتووییەی کە بۆ پێشکەوتنی هونەری کوردی پێویست بوو, لەلایەکی دیکەوە، ئەم بارودۆخە نائومێدی و بێهیوای لەلای هونەرمەندانی شانۆکار دروستکرد , بۆیە ژمارەیەک لە هونەرمەندانی ناوەخۆ بۆ دەرەوەی وڵات کۆچیانکرد و بەم پەرتەوازەییە هونەری شانۆ بە بارودۆخیکی سەختدا تێپەڕی (تاهیر, نیسانی ٢٠٠١, ٨٥). مغدید حاجی وەک شایەتحاڵی ئەو سەردەمە نیشانی دەدەن کە ئەگەرچی پێش ڕاپەڕین هونەرمەندان لە ژێر هەڕەشەی بەعسدا بوون، بەڵام لە ناوخۆدا تەبا و یەکگرتوو بوون؛ کەچی دوای ڕاپەڕین و لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا، ئەو یەکگرتووییە ڕووبەڕووی جۆریک لە سەرگەردانی و بێنازی بووەوە(حاجی, ٨ی ئابی ٢٠٢٦).

سەرەڕای تێپەڕبوون بە ناو ئەم دۆخە نالەباردا، هونەرمەندانی هەولێر نەک هەر بەردەوامیان بە چالاکییە هونەرییەکانیان دا، بەڵکو شانۆکانیان کردە شوێنێک بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی پێکەوەژیان، ئاشتی و یەکڕیزی نەتەوەیی, هەروەک لە تەوەری یەکەمدا ئاماژەی پێدراوە, جگەلەمە وەک هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و نیشتمانی و نەتەوەیی، هونەرمەندان ڕۆڵی ناوبژیوانییان گێڕا بۆ نزیککردنەوەی لایەنە سیاسییەکان یەکێک لە هەوڵانە, شاندێکی باڵای هونەرمەندان لە کەسایەتییەکانی وەک (جەمال هیدایەت، باکوری، سەباح عەبدولڕەحمان، شێرزاد سەرسپی، وریا ئەحمەد و هتد....) پێکهێنرا بۆ سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکان بە مەبەستی ڕاگرتنی شەڕ و خوێنڕشتن. هاوکات، ڕێکخستنی گەورەترین خۆپیشاندانی نارەزایەتی نووسەرو هونەرمەندان و گشت توێژەکانی دیکە لە شەقامەکانی هەولێر بۆ پێش پەرلەمانی کوردستان کۆدەبنەوەو داوای ئاشتی و پێکەوە ژیان دەکەن (عەبداڵلا ١٤ی ئابی ٢٠٢٦)دواتر لە ڕۆژی ٣١ی ئاداری ١٩٩٦، لیژنەی هەوڵی ئاشتی هونەرمەندان لە شاری هەولێر یاداشتنامەیەکیان بە ناونیشانی **" بەرەو ئاشتی هونەرێکی پڕ لە داهێنان و ڕەسەن"** بڵاو کردووەتەوە و تێیدا باس لە چۆنیەتی و هۆی دامەزراندنی لیژنەکە و داواکارییەکانیان دەکەن. داواکارییەکانیان لە چەند خاڵێک پێکهاتووە کە بریتین لە: دووبارە نەبوونەوەی شەڕ و ڕاگرتنی شەڕی ڕاگەیاندن, بێلایەنکردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان, کە بکرێتە گۆڕەپانێکی کراوە بۆ دەربڕینی ئازاد و داهێنان , هەروەها ڕێگە بە هونەرمەندانی کورد بدرێت فیستیڤاڵ و کۆڕ و سیمینار لە هەموو کوردستاندا ساز بدەن وهەموو دیل و گیراوەکان بەربدرێن.دوای دەرکردنی بەیاننامەکە، لیژنەی کارگێری کە پێکهاتبوو لە (١٧) ئەندام، سەردانی سەرکردایەتی هەردوو حیزبیان

کردووه و زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێکراوە و پشتگیری لە هەوڵەکانیان کرا(گۆڤاری گوڵان, ١ی ئایاری ١٩٩٦, ٢٢).

لێرە دەردەکەوێت  مێژووی شانۆ لە هەولێر دوای ساڵی ١٩٩١، شاهێدی ئەوە دەدات کە هونەرمەندان نەک هەر قوربانیی  ململانێ سیاسییەکان بوون، بەڵکو داکۆکیکاری ئاشتی و تەباییش بوونە لەوکاتە،  توانیویانەهۆڵەکانی شانۆ بکەنە ناوەندێک بۆ بڵاوکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان ولێبوردەیی. لێرەوە دەردەکەوێت کە شوێنپەنجەی هونەرمەند لە ڕووداوە سیاسییەکاندا، هەمیشە بەرەو ئاراستەی ئاشتی بووە نەک شەڕو توندو تیژی.

**ئەنجام:**

١- بەراورد لەگەڵ قۆناغی پێش ١٩٩١ کە هونەرمەندان زۆرتر پشتیان بە زمانی هێما( ڕەمز) دەبەست بۆ خۆپاراستن لە سانسۆر و چاودێریی ڕژێمی حکومەتی عێراق، دوای ڕاپەڕین شانۆی هەولێر توانی بە شێوەیەکی ئاشکراتر و ڕاستەوخۆتر ڕووبەڕووی بابەتە سیاسییەکان ببێتەوە، وەک لە شانۆنامەی نرخی ئازادی دەرکەوت.

٢- هونەرمەندانی شانۆکار لەم قۆناغەدا تەنها لە ئاستی بەرهەمی هونەریدا نەوەستاون، بەڵکو ڕۆڵی ناوبژیوانی سیاسیشیان گێڕاوە وەک؛ دامەزراندنی لیژنەی هەوڵی ئاشتی هونەرمەندان لە ساڵی ١٩٩٦ و بڵاوکردنەوەی یاداشتنامە, ئەمە ئەوە نیشان دەدات, کە بەرپرسیارێتیی هونەرمەند لەلای زۆربەیان لە سنووری کاری هونەریی تەنیا بەرتەسک نەبووەتەوە.

٣- توێژینەوەکە  ئەوەی سەلماندی کە هونەرمەندانی شانۆ لە هەولێر تەنها لە پشت تەختەی شانۆوە نەبوونە، بەڵکو لە مەیدانی ڕاستەقینەی خەباتی خەڵکەکە دابوونە, وەک؛ شەهیدبوونی شانۆکارانی وەک جەوهەر باپیر و نەوزاد مستەفا لە ڕاپەڕینی ١٩٩١.

٤- لەگەڵ داخرانی هۆڵەکان و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، هونەرمەندان نەئاوەستا بوون؛ بەڵکو ڕوویان لە دامەزراندنی ستۆدیۆ، کارکردن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەرهەمهێنانی خۆبەخشانەی دراما کرد بۆ ئەوەی پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ بینەردا بە زیندوویی بهێڵنەوە.

٥- :لە ئەنجامدا، شانۆی هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٣) توانیی خۆی سەلماند وەک هێزێکی ڕەخنەگر و فشارێکی مەدەنی کە بەرپرسان و جەماوەری لە دەوری یەک کۆدەکردەوە، و سەرەڕای سەرجەم ڕێگرییە سیاسی و ئابوورییەکان، سەربەخۆیی فیکری و پەیامی مرۆیی خۆی پاراست.

٦- لە کۆتایی نەوەدەکاندا، شانۆی هەولێر گەشەسەندنێکی تری بەخۆوە بینی و ڕەخنەکانی لە دوژمنی دەرەکی یەوە گۆڕی بۆ ڕەخنەی ناوخۆیی و خستنەڕووی دیاردەی گەندەڵی، کۆچی گەنجان و کێشە ئابوورییەکان.

٧- ململانێ سیاسییەکان کاریگەریی نەرێنییان لەسەردروستبوونی تیپە شانۆییەکان هەبوو، کە بووە هۆی ئاوارەبوونی ناچاریی هونەرمەندان لە نێوان شارەکان و هەڵوەشاندنەوەی چەندین گرووپی هونەری.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٨- لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە دەسەلمێنێت کە شوێنپەنجەی هونەرمەند لە ڕووداوە سیاسییەکانی هەولێردا لەم ماوەیەدا، سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و قەیرانەکان، هەمیشە بەرەو ئاراستەی ئاشتی، پێکەوەژیان و یەکڕیزی نەتەوەیی بووە، نەک بەرەو شەڕ و ململانێ؛ ئەمەش شانۆی هەولێر دەخاتە پێگەی بەڵگەیەکی مێژوویی لەسەر توانای هونەر بۆ گۆڕینی ڕوانگەی کۆمەڵگە لە کاتی قەیراندا.

**پاشکۆکان**

**پاشکۆی ژمارە(١)**

**شانۆگەری سەفەری هەتاو**

نەخشاند، وەک پەیام و بانگەوازێکی روون بۆ یەکبوون و



شانۆگەری (سەفەری هەتاو) ١٩٩٦ دەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش

**پاشکۆی ژمارە(٢)**

**شانۆگەری بەرەوخۆر**



پاشكۆی ژماره(٣)

شانۆگەری هاورێیانی كێڵگە



پاشكۆی ژماره(٤)

شانۆگەری ئەو رۆژەی ماسی بوو بەگورگ




پاشکۆی ژمارە(٥)

شانۆگەری کوتلەکەی ئەحمەد موختار جاف



[١]ڕێکەوتننامەی ١١ی ئادار ١٩٧٠، کە بە ڕێکەوتننامەی ئۆتۆنۆمی یان بەیاننامەی ١١ی ئادار ناسراوە، لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا کۆتایی بە شەڕی یەکەمی نێوان عێراق و کوردستان هێنا کە حکومەتی عێراق و مستەفا بارزانی، ڕابەری پارتی دیموکراتی کوردستان دوای شەڕی یەکەمی عێراق-کورد گەیشتنە ڕێکەوتنێک. بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە، هەرێمێکی خۆسەپاندن پێکدەهات کە پێکهاتبوو لە سێ پارێزگای کوردنشین و ناوچەکانی تر کە بەگوێرەی سەرژمێری دیاریدەکرا کە زۆرینەی دانیشتوانیان کورد بوون, کە مەاوەی چوارساڵیان دانا بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم خاڵەکانی ناو ڕێکەوتنەکە( بەحرکەیی, ٢٠٢٢, ٢٣٧).

[٢]سەعدوون یونس, لە ساڵی ١٩٤٨ لە دایکبووە, خانەی مامۆستایەتیلە ساڵی ١٩٦٦ لە بەغدا تەواوکرووە, بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدای لە ساڵی ١٩٧٤ تەواوکردووە, ناوبراو جگە لەوەی کاری نواندی کردووە, خاوەنی دەیان بەرهەمی شانۆ و درامای کوردییە, ئیستاش لە ژیان ماوە لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێیە( مەلاهەمزە, ٢٠١١, ٢٣).

[٣]چەتۆ حەسەن عەزیز, لە ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی عەوێنە لە دایکبووە, لە ساڵی ١٩٦٤ خانەی مامۆستایەتی لە بەغدا تەواوکردووە, لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ یەکەم جار لە بواری شانۆکار دەکات بە ناونیشانی شانۆگەری ئابروی خێزانێک. ناوبراو خاوەنی چەندین بەرهەمی شانۆیەو کاری نواندی بۆ دەیان بەرهەمی شانۆی و فیلمی کوردی کردووە, ئیستاش لە شاری هەولێر نیشتەجێیە ( مەلاهەمزە, ٢٠١١, ٢٢).

[٤]تەلعەت سامان لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری هەولێر لە دایکبووە, خوێندنی سەرەتایی لە گوندی عەوێنە و ئامادەیی لە شاری ناسرییە تەواوکردووە, ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانبەغدای تەواوکردووە, یەکەم بەرهەمی نووسینی درامای چیرۆکێکی ئێزگەیی بووە, لە ساڵی ١٩٦٢ و یەکەمین نووسینی شانۆیی بەرهەمی مەم و زین بووە لە ساڵی ١٩٦٧ سەرۆکی لقی یەکیتی هونەرمەندنی کوردستان بووە تا ساڵی ١٩٩٦ ( سامان, ٢٠٢١, چاپی دووەم , ٦١٠)

[٥]شوکروڵلا عوسمان عەبدوڵلا ناسراو بە شوکرڵلا شێخانی لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری کەرکوک لە دایکبووە, قۆناغی ناوەندی لە خوێندن تەواوکردووە, دەستپێکی کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٢ لە شانۆگەری بەختیاری کاری نواندی تێداکردووە, ناوبراو لە چەندین شانۆگەری وەک خانزادێکی تر, قەل و رووتە, کاوەی ئاسنگەر, سێدارە و هەبوونەبوو, لەگەڵ چەندین درامای تەلەفزیۆنی وەک پەشیمانی, کەوەکانی قەرەچوغ و ئادیابین بەشداریکردووە, ئیستاش بەردەوامە لە کاری هونەری و لەوڵاتی سوێد نیشتەجێیە( شێخانی, ٣ی ئەیلولی ٢٠٢٦)

[٦]ناسرحەسەن لە ساڵی ١٩٥٠ لە شاری خانەقین لە دایکبووە, ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٠ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە, تا ئیستا دەیان دراماو شانۆ بەڵگەنامەی فیلمی لە تەلەفزیۆن ئەنجام داوە, لەگەڵ دەرهێنانی ٥٠٠ گۆرانی کوردی, تورکمانی, سریانی بۆ دتەلەفزیۆن ئەنجامداوە. یەکێک لە دراما بەنابانگ و کاریگەرییەکانی کوردی , درامای ژاڵەیە کە کاری دەرهێنانی بۆکردووە, ئیستاش لە هەولێر نیشتەجێیە( حەسەن, ١ی ئابی ٢٠١١, ٥٥).

[٧]ئەرسەلان دەروێش :دەرهێنەر و مامۆستای شانۆ، لەدایکبووی ١٩٦٨ی سلێمانییە. دەرچووی ساڵی ١٩٨٦ی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییە. وەک بەڕێوەبەری شانۆی هەولێر و جێگری بەڕێوەبەری گشتیی سینەما و شانۆ (٢٠١٠) کاری کردووە. ئەندامی ناوەندی جیهانیی شانۆیە .(ITI) خاوەنی زیاتر لە ٥٢ کاری شانۆیی (وەک: شورەی چین، هاملێت) و چەندین زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی و فیلمی دۆکیۆمێنتارییە کە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات نمایشکرا( مستەفا, ٢٠١٠, ٨١-٨٢).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

[8] راپەڕینی ساڵی ١٩٩١بزووتنەوەیەکی جەماوەریی سەرتاسەری بوو کە لە ٥ی ئاداری ١٩٩١ لە شارۆچکەی ڕانیەوە دژی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق دەستی پێکرد. ئەم ڕاپەڕینە بە هەماهەنگی نێوان جەماوەری شارەکان و هێزەکانی بەرەی کوردستانی ئەنجامدرا، کە ئامانجی سەرەکیی ڕزگارکردنی باشووری کوردستان بوو لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی عێراق. دەرئەنجامی ئەم گۆڕانکاریە سیاسیە مێژووییە، کۆتاییهێنان بوو بە هەژموونی سیاسی و سەربازیی ڕژێم لە ناوچەکە و بووە بەردی بناغە بۆ دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستا( ڕەشید, ٢٠٢٠, ٢٥١).

[9] ژیلوان تاهیر باپیر لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٦ی شاری هەولێرە, لە ساڵی ١٩٩٢ بەکالۆریۆسی لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا بەدەستهێناوە, ناوبراو لە بواری نووسینی بەرهەمی شانۆ خاوەنی چەندین بەرهەمە وەک؛: نرخی ئازادی, تەقینەوە, حەشارگەو هتد..ز, ئێستاش مامۆستای زانکۆیە بە پلەی دکتورا لە زانکۆی سەڵاحەددین, لە هولێر نیشتەجێیە(عەلیاوەیی, جوزلی,هتد...,٢٠٠٩, ٣٠٦٢).

[10] بروانە پاشکۆی ژمارە (١)

[11] بۆ زانیاری زیاتر, بروانە پاشکۆی ژمارە(٤)

[12] شانۆنامەی هێرۆسترات لەبیر بکە (Forget Herostratus - یەکێکە لە کارە هەرە گرنگەکانی شانۆنووسی ڕووسی (گریگۆری گۆرین). ئەم دەقە لەسەر بنەمای ڕووداوێکی مێژوویی ساڵی (٣٥٦ پ.ز) دارێژراوە، کاتێک کەسێک بە ناوی هێرۆسترات پەرستگای ئەرتەمیسی سووتاند کە یەکێک بوو لە حەوت سەرسوڕهێنەرەکەی جیهان تەنها لەپێناو ئەوەی ناوی لە مێژوودا بە نەمری بمێنێتەوە. گۆڕین لە ڕێگەی ئەم دەقەوە، ململانێی جەوهەریی نێوان بونیادنان و داهێنان لە بەرامبەر وێرانکاری و تێکدان دا بەرجەستە دەکات. لە چوارچێوەی دەقی شانۆی کوردیدا، کارەکتەری هێرۆسترات دکتاتۆرێک خوێندنەوەی بۆ کراوە؛ ئەو کەسایەتییەی کە تینووی ناوبانگ و دەسەڵاتی ڕەهایە و ئامادەیە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پیرۆزییەکانی نەتەوە، بەها مرۆییەکان و سەروەریی خاک بکاتە قوربانی. لێرەوە، شانۆی کوردی ئەم دەقەی وەک ئاوێنەیەک بەکار هێنا بۆ نیشاندانی دکتاتۆریەتی حکومەتی عێراق, کە وەک هێرۆستراتێکی مۆدێرن بۆ مانەوەی خۆی و مێژووەکەی، ژێرخانی وڵات و شکۆی مرۆڤی کوردی وێران دەکرد. ( دەستنووسی دەروێش, ٢٧ی ئابی ٢٠٢٦, 21).

[13] جەوهەر باپیر لە ساڵی ١٩٥٢ لە هەولێر لە دایکبووە, پلەی خوێندەواری تەنها ناوەندی تەواوکردووە, دەستپێکی کاری هونەری شانۆی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٨لە بەرهەمی قەل و رووتە, جگەلەمە جەوهەر باپیر لە چەندین بەرهەمی شانۆی وەک؛ قەڵای دمدم, کوڵی نهێنی, حەمەدۆک, مولەت, هتد....., بەشداریکردووە, لە راپەڕینەمەزنەکەی ئاداری ساڵی ١٩٩١ شەهید بو(عەلیاوەیی, جوزلی,هتد...,٢٠٠٩, ٣٠٣٧).

[14] نەوزاد مستەفا لە ساڵی ١٩٦٤ لە هەولێر لەدایکبووە, تا قۆناغی دوازدەی ئامادەوویی خوێندووە, ناوبراو دەستپێکی کاری هونەری دەگەڕێتەوەبۆ ساڵی ١٩٨٥ بە ناونیشانی خولەی تەمبەڵ, جگەلەمە لە چەندین شانۆگەری دیکە بەشداربووە, لە راپەرینەمەزنەکەی ئاداری ساڵی ١٩٩١ شەهید بو(عەلیاوەیی, جوزلی,هتد...,٢٠٠٩, ٣٠٣٧).

[15] زاهیر عەبداڵلا ئەکتەرو لە ساڵی ١٩٥٨ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایکبووە, لە ساڵی ١٩٧٢ دەستی بەکاری شانۆ کردووە, دەرهێنەرێکی دیاری بواری شانۆ و درامای کوردییە. ساڵی ١٩٧٩ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە. یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (تیپی شانۆی سالار) و بەشداری لە دەیان شانۆگەری و درامای تەلەفزیۆنیدا کردووە، لەوانە دراماکانی (کەشکۆڵ، گەردەلوول، مەمی ئالان). چەندین پۆستی کارگێری و هونەری هەبووە، لەوانە بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر.(عەلیاوەیی, جوزلی,هتد...,٢٠٠٩, ٣٠٢٤).

**ليستی سەرچاوەکان**

**دەستنوس**

ئەرسەلان, دەروێش, (بێ ساڵ), بەرهەم و کارەکانی, دەستنووس.

**بەڵگەنامەی بڵاوکراوە بە زمانی کوردی**

١-پۆستەری شانۆگەری بەرەوخۆر, (١ی ئاداری ١٩٩٧), بەرهەمی تیپی شانۆی ڕامان, ڕۆشنبیری هەولێر, کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان, دەستەی هونەرمەندانی هەولێر, هۆڵی گەل, هەولێر.

٢-پۆستەری تیپی شانۆی کوتلەکەی ئەحمد موختار جاف, (١٢ی حوزیرانی ٢٠٠١), بەرهەمی تیپی شانۆی سالار, هۆڵی گەل, هەولێر.

**چاوپێکەوتنەکان**

١-چاوپێکەوتنێک لەگەل شوکروڵلا عوسمان عەبدوڵلا ناسراو بە شوکرڵلا شێخانی لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەلێر لە دایکبووە, قۆناغی ناوەندی لە خوێندن تەواوکردووە, دەستپێکی کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٢ لە شانۆگەری بەختیاری کاری نواندی تێداکردووە, ناوبراو لە چەندین شانۆگەری وەک خانزادێکی تر, قەل و ڕووتە, کاوەی ئاسنگەر, سێدارە و هەبوونەبوو, لەگەڵ چەندین درامای تەلەفزیۆنی وەک پەشیمانی, کەوەکانی قەرەچوغ و ئادیابین بەشداریکردووە, ئیستاش بەردەوامە لەکاری هونەری و لەوڵاتی سوێد نیشتەجێیە( شێخانی, ٣ی ئەیلولی ٢٠٢٦)

٢- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ژیلوان تاهیر باپیر لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٦ی شاری هەولێرە, لە ساڵی ١٩٩٢ بەکالۆریۆسی لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا بەدەستهێناوە, ناوبراو لە بواری نووسینی بەرهەمی شانۆ خاوەنی چەندین بەرهەمە وەک؛ نرخی ئازادی, تەقینەوە, حەشارگەو هتد..ز, ئێستاش مامۆستای زانکۆیە بە پلەی دکتورا لە زانکۆی سەلاحەددین, لە شاری هەولێر نیشتەجێیە(عەلیاوەیی, جوزلی,هتد...,٢٠٠٩, ٣٠٦٢).

٣- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئەرسەلان دەروێش :دەرهێنەر و مامۆستای شانۆ، لەدایکبووی ١٩٦٨ی سلێمانییە. دەرچووی ساڵی ١٩٨٦ی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییە. وەک بەڕێوەبەری شانۆی هەولێر و جێگری بەڕێوەبەری گشتیی سینەما و شانۆ (٢٠١٠) کاری کردووە. ئەندامی ناوەندی جیهانیی شانۆیە .(ITI) خاوەنی زیاتر لە ٥٢ کاری شانۆیی (وەک: شورەی چین، هاملێت) و چەندین زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی و فیلمی دۆکیۆمێنتارییە کە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات نمایشکرا( مستەفا, ٢٠١٠, ٨١-٨٢).

٤- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مغدید حاجی ئەمین ناسراو بە مغدید حاجی, لە ساڵی ١٩٥٠ لە شاری هەولێر لە دایکبووە, بەکالۆریۆسی لە بەشی مێژوو بەدەستهێناوە, ناوبراو چەندین بڵاوکراوەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەیە لەگەڵ چەندین بەرهەمی چاپکراوی کتێب, وەک؛ ئافرەت لە شانۆی کوردیدا, جەوهەر باپیرو نەوزاد مستەفا, شەهیدە دێرینەکەی کوردستان و شانۆی کوردی( (عەلیاوەیی, جوزلی,هتد...,٢٠٠٩, ٣٥٩٩). )




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٥-چاوپێکەوتنێک لەگەڵ صباح عبدالرحمان عەبدوڵلا لە ساڵی ١٩٤٥ لە شاری هەولێر لە دایکبووە, لە ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ بەشی شانۆی لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا تەواوکردووە, دەستپێکی کاری هونەری لە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦١, ناوبراو چەندین بەرهەمی شانۆگەری وەک؛ تەنها تاقیکردنەوە, چارەڕەش, سواڵکەروهتد....هەیە, ئێستاش لەهەولێرنیشتەجێیە(عەلیاوەیی, جوزلی,هتد...,٢٠٠٩, ٣٠٠٧)


**<u>توێژینەوەی زانستی ماستەرو دکتۆرا</u>**

١ – عەلی, ئوسامە جەمیل,(٢٠٢٢), مێژووی بزاڤی هونەری لە شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی(١٩٨٠, ٢٠٠٣), نامەی ماستەر, زانکۆی سەڵاحەددین, کۆلیژی ئاداب بەشی مێژوو, هەولێر.

**<u>کتێبە کوردییەکان:</u>**

١ - سامان، تەلعەت (٢٠١٢) شانۆ گەشتێکە لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا .چاپی یەکەم. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان.

٣- حاجی, مغدید,(١٩٩٢), باپیر, جەوهەر, نەوزاد مستەفا شەهیدانی شارە دێرینەکەی کوردستان و شانۆی کوردی, ئەرک وسەرپەرشتی چاپ, عوسمان ئەحمد جاسم, هەولێر.

٤ - حوسێن، هیمداد (٢٠٠٨) مێژووی شانۆی کوردی .چاپی یەکەم. هەولێر: بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

٦- نەجار, هۆشەنگ ساڵح,(٢٠١٦), بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر(١٩٥٨-١٩٧٥)دا لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە, هەولێر.

٧ - ئەحمەد، کیفی. (٢٠١٩). هونەر لە ناوەندی قەیرانەکاندا: مێژووی سیاسیی شانۆی کوردی.چاپی دووەم. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٨ - تاهیر، بەختیار. (٢٠٢٠). شانۆ و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەولێر (١٩٩١-٢٠١٠) . هەولێر: ناوەندی ئاوێر.

٩ - سالار، ئەحمەد (٢٠٠٥). لە پێناو شانۆدا: ئەزموونی نیو سەدە لە شانۆی کوردی.

هەولێر: دەزگای ئاراس.

١٠- سمۆ, ئیبراهیم ئەحمد,(٢٠٠١), کاریگەری کەلەپوری کوردی لە شانۆ, چاپخانەی خەبات, دهۆک.

١١- سامان, تەڵعەت,(٢٠٢١), شانۆنامە, پێشکەشکردن و ئامادەکردنی فەرەیدوون سامان, چاپخانەی ماد, چاپی دووەم.

١٢- مەلا هەمزە مسعود, (٢٠١١), ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەندانی بواری شانۆ و فلیمسازی, مۆسیق, گۆرانی, شێوەکاری هەولێرو نیشتەجێی هەولێر, بەرگی یەکەم١٩٥٠-٢٠٠٠,هەولێر.

١٣ – محمد, موحسین,(نیسانی ١٩٩٩) بزاڤی شانۆ لە بازنەی پرسیاردا, گۆڤاری ڕامان, ژمارە ٣٤

١٤ – مخموری, غفور,(٢٠٢٥), ڕاپەڕینی ١٩٩١(چیمان کرد.....چی بکەین), هەولێر.

١٥- بەحرکەیی, مەلا محمد,(٢٠٢٢), کوردایەتی و کۆڵنەدان ژیاننامە و بەشێک لە بیرەوەری و ڕووداوەسیاسیەکانی ژیانم, چاپخانەی ئیشراق, ئێران.

١٦- مستەفا, دڵشاد(٢٠١٠), ڕاڤەی ئەزموونی ئەرسەلان دەروێش لەگەڵ دەق کوردیدا, گۆڤاری شانۆ, , ژمارە ١٨.

١٧- ڕەشید, سەلاح, (٢٠٢٠), شەڕی ناوەخۆی کورد, بۆش سەری هەڵدا؟ چۆن گەشەی سەند؟, لەبڵاوکردنەوەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدەبیات, سلێمانی.

١٨- محمد, محمد, حەمەکەریم, علی, محمد,(٢٠١٥), کوردستان و عێراق ململانێی ناوەخۆیی و ئایندەی سیاسی,, چاپی دووەم, چاپخانەی پیرەمێرد, سلێمانی.

**کتێبە عەرەبیەکان**

١-عقراوي, حسين صديق,(٢٠١١), تطور الاعلام الكردي ١٩٩١-٢٠٠٣, مطبعة الثقافية, اربيل

**گۆڤارەکان**

١-محمد, موحسین,(٢٠٠١), شانۆی کوردی (١٩٧٠-١٩٧٩), ڕامان, ژمارە ٥٨, ل ٢٧٢

٢-محمد, موحسین,(٢٠١٣), کێشەی فەڵەستین لە شانۆی کوردیدا,

٣- جەلال، ع. (٢٠١١). مێژووی تیپە شانۆییەکانی هەولێر و گوتاری سیاسییان. گۆڤاری شانۆ، ژمارە (١٢)، ل. ٤٠-٥٥.

٤-سامان, تەڵعەت, (١٩٩٧) دۆسیەی تایبەت بە شانۆی قەیران لە هەولێر., گۆڤاری شانۆ, ژمارە ٣ و ٤. هەولێر: سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان.

٥- حاجی, مغدید,(نیسانی ١٩٩٩) شانۆی کوردی هەشتاکان لە هەولێر, گۆڤاری ڕامان ژمارە٣٤, هەولێر.

٦- جەراح, سەفوەت,(٥ی نیسانی ١٩٩٩), ئاستەکانی دەق, بینەر, ڕەخنە لە بینراوە شانۆییەکاندا, گۆڤاری رامان ژمارە ٣٤, هەولێر.

٧-تاهیر, ژیلوان,(حوزیرانی ٢٠٠٣), لە هەولێری پایتەخت هونەرێکی شانۆیی هەبوو؛چی بەسەرهات؟, گۆڤاری ڕامان ژمارە ٥٨, هەولێر.

٨-حەسەن, ناسر,(١ی ئابی ٢٠١١) سینەمای کوردی هەنگاوی زۆری ناوە, گۆڤاری گوڵان ژمارە ٨٤١, هەولێر.

**رۆژنامەکان**

١ - محمد, ڕێبوار,(٢٢ی حوزیرانی ٢٠٠١), کوتلەکەی ئەحمد موختار جاف نمایشێکی پڕ لە پرسیار, پڕ لە گوڵاوی کوردەواری, ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە٢٣٢, هەولێر.

**سایتەکان**

٢- عبدالرحمان, حیدەر, (٢٠٢٦),لە شانۆی کوردیدا, بەشی شانۆ, سایتی دەنگەکان,
https://dengekan.info/archives/52744

List of sources
Manuscript
Arsalan, Darwish, (no year), his works, manuscript.
Document published in Kurdish
-١Poster of the play Barwkhor, (March 1, 1997), produced by Raman Theater Group, Erbil Culture, Fine Arts Association, Erbil Artists Association, People's Hall, Erbil.
-٢Poster of Ahmad Mukhtar Jaf Faction Theater Troupe, (June 12, 2001), Salar Theater Troupe, People's Hall, Erbil.
The interviews
Interview with Shukrullah Osman Abdullah also known as Shukrullah Shekhani was born in 1956 in Erbil. He graduated from secondary school. He started his career in 1972 in Bakhtiari play He has participated in television dramas such as Pashimani, Kewkani Karachugh and Adiyabin.

-٢This is the first time in the world, published by Taher in the world, 1966, by Shari Holler, in 1992, with a bachelor's degree in it. Here's the academy that's here tomorrow, and now we can't tell you what's wrong with you: Relax. Eazade ,Taqeen, HaShark, and Htd..z, Eistash My dearest mother, Ph.D., is one of the world's leading experts, who bought the best product (Aliya, Gozli, Hed.(٣٠٦٢ ,٢٠٠٩ ,...

-٣The story of the story of Iran, Darwish : Dharenir and Mamastay, by Suleimaniyah, 1968. History of the year 1986, in the presence of Javanese Soleimaniye. Here is the story of Holler and Jerry on the Internet, including cinema and cinema (2010) Carrie Kurdou .Indami Navandi Jahaniyah (ITI). He left me more than 52 of the famous Carrie (i.e. Short stories, Hamlet) and many other dramas, television and films. Languages, text, text, text, text, text, video , text, video, text, video, text, video, video, text, video, video, video, text ,video, video, video, text, video, video , video, video, video chat, video chat ,video chat, video chat, video chat, video chat, video chat, video chat, video chat, video chat

-٤The name of the artist was Mughdid Haji Amin Nasraw, who was born in 1950 and bought a high-quality device. There is something wrong with this language, and we have no idea what the name and language were. I have a booklet, and here it is; 2009 (٣٥٩٩ .

-٥The story of Sabah Abd al-Rahman Abdullah ,١٩٤٥ ,for the first time in 1945, for the first time in 1967-1968. This is the first day of the month, and it will be tomorrow, October 1961, in New York City. What is the meaning of this matter? 2007, 2009.٣٠٠٧ ,

**Tuning and adjusting the master doctor's doctor.**

- ١Ali, Osama Jamil, (2022 ,(next honor to Sharia Holler for Niwan Sakwani (1980, 2003 , (master name, Zankī Sahiheddin, How to Have Good Etiquette, Holler.

**Kurdish booklet:**

- ١Saman, Tala'at (٢٠١٢) What is the meaning of the story and what is the meaning of it ? What's up with you? Höller: This is the time of the year and the beginning of the year .

-٣Haji, Maghdid, (1992), Babir, Jawhar, Nawzad Mustafa Shahidani, Sharia Diriniki, Kurdistan and the Kurdish people, the European Union, Osman Ahmad Jassim, Holler.

- ٤Hossein, Hemdad (2008) How to change Kurdish language . What's up with you? Holler: With the opinion of the government and the Ministry of Foreign Affairs of Washington .

-٦Najjar, Hesheng Sajh, (2016), according to Henry Holler (1958-1975) This is a beautiful language, Howler.

- ٧Ahmad, Kaifi. (2019). Honor the name of Iran in Canada: a Kurdish political system . What's wrong with you? Howler: What's wrong with you ?

- ٨Tahir, Bakhtiar. (2020). How and how many times he created Holler (1991-2010 (. Howler: Don't worry about it .

- ٩Salar, Ahmed (2005). This is what: A new language is added to the Kurdish language .

Höller: These are the places .

-١٠Samih, Ibrahim Ahmad, (2001), A Kurdish carriage for a country, Chap Khan, Khabat, Dehçek.

-١١Saman, T.A., (2021.(

-١٢Mala Hamzah Masoud, (2011), Music, Arabic, Arabic song, Arabic song Holler, Bergi 1950-2000, Holler.

- ٣ ١Mohammad, Mohsin, (April 1999) What is the meaning of this information, Gavari Kaman, Jamara 34

- ١٤Makhmouri, Ghafoor, (2025), Author, 1991 (Cyman Kurd... in Beijing), Holler.

-١٥In Harki, Mulla Muhammad, (2022), “Kurdayati and the Chinese style, and there is something to be said about it and a political and economic narrative,” Chapkhani Eshraq, Iran.

-١٦Mostafa, Doctor (2010), Arabic language, Arabic language, Arabic language, 18th century.

-١٧Sheid, Salah, (2020), What is the story of this story? What is the source of the document?

-١٨Muhammad ,Muhammad, Hamim Kareem, Ali, Muhammad, (2015), Kurdistan and Iraq are politically correct and independent , Soleimani.

**Arabic book**

-١Aqrawi, Hussein Sadiq, (2011), The Development of Kurdish Media 1991-2003 ,Al-Thaqafiya Press, Erbil

**گۆڤارەکان**

-١Muhammad, Mohsen, (2001), Shanchi Kurdi ,(١٩٧٩-١٩٧٠) Haman, Jamara 58, no. 272

-٢Muhammad, Mohsin, (2013), What is the meaning of the text,

-٣Jalal, A. (2011). What is the political history of Holler and Guattari ? Guevare

Shan, Jamar (12), l. 40-55 .

-٤Saman ,d (١٩٩٧) ,. A written study with the meaning of Qur’an by Holler . , , , , , , ,

Verses ٣ and 4. Holler: This is the country of Kurdistan .

-٥Haji, Maghdid, (Nissani 1999) “The Kurdish Hashtakaan for Howler,” “Gayvari Kaman” 34, “Howler”.

-٦Jarrah, Safoet, (April 5, 1999), National Bank ,Bener, Canada, Javari Raman, 34, Holler.

-٧Taher, Jilwan, (Houzirani 2003), Why is this a joke? Howler.

-٨Hossein, Nasser, (Arabic 1st 2011) Kurdish Hungarian Cinema, Arabic Language, 841, Höller.

-

- ١Muhammad, Hibwar, (July 22, 2001), “Ahmad Mukhtar Jaf Namāshīk” in Arabic, “Kurdish Wari Code ڕۆژنەی ,”Brahiti Jamara 232 , Holler.

-

-٢Abd al-Rahman, Haider, (2026), “What is the Cordida ”? https://dengekan.info/archives/52744